

# گەورەکردن

د . ئەفرام محەمەد حەسەن
★ خوێندکاری دکتۆرا لە پزیشکی دەرونی
Afram_afram @yahoo.com

● هەیە سەرقاڵە بە گەورەکردنی خانووەکەی، هەشە خەریکی کڕینی ئۆتۆمۆبیلێکی گەورەترە، هیی واش هەیە تەلارەکەی گەورە دەکات... هەیە لە هەموو شتێكو هەموو جۆرێك هەیە، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە، پەنابردنی مێینەیە بۆ گەورەکردنی سنگو هانابردنی نێرینەیە بۆ گەورەکردنی چووك، کە دەشێت لەبەر دڵی خۆی یان لەبەر دڵی هاوسەرەکەی بێت.

پێش ئەوەی باس لەم دوو نەشتەرگەرییە بکەم، دەمەوێت بڵێم پەیوەندیی جنسی نێوان دوو تاك (هاوسەر)، شتێکی زۆر پیرۆزەو تاوانە تەنها لە ناوچەیەکدا گردبکرێتەوە یان لەبەر گەورەو بچوکی ئەندامێك سکاڵا دەستپێبکات، لە هەمانکاتدا تازەگەریی‌و هونەربازیی شتێکی جوانە، بە مەرجێك لە سنووری دروست نەترازێت؟! ئاشکرایە هەردوو ئەندام رۆڵی بەرچاویان هەیە لە چێژوەرگرتن، چ بۆ تاك خۆی یان بۆ هاوسەرەکەی، بەڵام هەموو سێکس ئەو دوو ئەندامە نییە.

هیچ کاتێك گەورەتر مانای جوانتر یان بەهێزتر نییە، هەندێك جار سیمایەکی ناشرینە، وەك چۆن هەوڵی گەورەکردن هەیە، تاك هەیە هەراسانە بەهۆی گەورەیی ئەو ئەندامانەیەوەو بەشوێن بچوککردنەوەدا دەگەڕێت، سەرەڕای ئەوە گەورەتر، مانای چێژێکی زیاتر نییە.

بچوکی چووك کێشەیەکە زۆر جار تاکی نێرینە گلەیی لە خۆی دەکات، سەبارەت بەوە یان هەست بەکەمی دەکات بەرامبەر بە هاوسەرەکەی، لە کاتی بوونی ئەو بارەداو هەندێك جار ترسی ئەوەشی لێدەنیشێت رەنگە نەتوانێت منداڵ بخاتەوە، بۆیە پەنادەباتە بەر زیاتر لە رێگەیەك بۆ گەورەکردن. (درێژی ئاسایی چووك لە کاتی رەپبووندا لەنێوان ١٢– ١٨ سم دەبێت)، بەڵام گەر لەمەش بچوکتربێت، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر توانای منداڵبوون نییە، چونکە کۆمەڵێك هۆکاری تر هەن پەیوەندییان بە منداڵبوونەوە هەیە، سەبارەت بە نەشتەرگەریی بۆ گەورەکردن، تاکو ئێستا لە رووی زانستییەوە بەتەواوی پشتگیریی نەکراوە، چونکە کۆمەڵێك کێشەی لێدەکەوێتەوە، زۆر جار تاك ئاواتەخوازی باری پێشووی دەبێت، بەڵێ راستە نەشتەرگەریی وادەکات بڕێك (١ ئینج) چووکت درێژتربێتو قەبارەکەی گەورەتر دەردەکەوێت، بەڵام ئەمە چۆن روودەدات؟

ئەو بەشەی چووك کە لە ناوەوەیە دێتە دەری‌و درێژتر بەدەردەکەوێتو بەهۆی کۆبوونەوەی چەوری تیرەکەشی زیاددەکات، بەڵام ئەو کێشانەی لەم نەشتەرگەرییە دەکەونەوە لەبری ئەوەی رەپبوون بۆ سەرەوە رووبدات بۆ پێشەوە روودەداتو ئەو بەشە تازەیە بە موو داپۆشراوە کە دیمەنێکی ناشرینی هەیەو هەروەها پاش ماوەیەك لەش هەڵدەستێت بە مژینی ئەو چەورییەو تیرەکەی کەمدەبێتەوە وەك جاران، ئەو بڕە چەورییەی کە دەمێنێتەوە (گرێ) بەرزو نزمییەکی ناشرین دروستدەکات. باشترین رێگە بۆ ئەوە، گەر کەسێکی کێشت زۆرە، بریتییە لە دابەزاندنی کێشت، چونکە لە رووی تەندروستییەوە شتێکی خوازراوە، مەبەستی دووەمیشت دەپێکیت.

سەبارەت گەورەکردنی مەمك لەلایەن مێ–وە، هەندێك کرێمی تایبەت بە گەورەکردنی سنگ کە لە بازاڕدا هەیە، ئەمانە هەمووی بابەتی بازرگانین‌و بنەمای زانستییان نییە، لە وڵاتەکەی خۆیان چجای ئەوەی کە دەگاتە وڵاتی ئێمە، کەس نازانێت لە چی پێکهاتووەو زیانەکانی لە کوێدا کۆتایی دێت. سەبارەت بە رێگەی دووەم کە نەشتەرگەریی چاندنی سلیکۆنە بۆ ئافرەتان لە سەرانسەری دونیا دەکرێت، یەکەم جار جێلی سلیکۆن لە ١٩٦٢دا دۆزرایەوەو لە ١٩٧٦ بۆ یەکەم جار لە بواری نەشتەرگەریی جوانکاری سنگدا بەکارهێنرا، لە ساڵی ٢٠٠٣دا زیاتر لە ٢٨٠,٠٠٠ نەشتەرگەریی گەورەکردنی مەمك لە ئەمەریکادا کراوە بە رێژەی نۆ هێند زیادیکردووە لەچاو ساڵی ١٩٩٢. ئەمەش گەلێك جۆری هەیە، دەتوانرێت بەپێی پێویست شێوەو قەبارەی دیاریکراو بەکاربهێنرێت. گرنگترین ماکەکانی ئەم نەشتەرگەرییە، بریتییە لەوەی هەندێك جار دەبێتە هۆی مێرووڵەکردنی(سڕبوونی) گۆی مەمك، دەشێت ماوەیەکی زۆر بخایەنێتو ئەگەری نایەکسانی لە قەبارەی هەردوو مەمکدا ماکێکی کەم رووداو نییەو سەرەڕای ئەوەی دەشێت جارێکی تر نەشتەرگەری بوێتو رەنگە دەمی یان دەرچەی سلیکۆنەکە لیك بکات، هەرچەندە ئەمە زیانی نییەو ئەو شلەیە لەلایەن لەشەوە دەمژرێت، بەڵام دەبێت بگۆڕدرێت، واتە نەشتەرگەرییەکە دووبارەبکرێتەوە، هەروەها ئەو ماوەیەی کە سلیکۆنەکە دەمێنێتەوەو پێویست بە گۆڕان دەکاتو دیاریکراو نییەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، واتە ئەم گەورەکردنە هەتا سەر نییەو ناو بەناو پێویستی بەدووبارەکردنەوە هەیە، هەموو (٥–١٠–١٥–٢٠ ساڵ) جارێك سەرەڕای رەقبوونی سلیکۆنەکەو گرژبوونی کە دەبێتە هۆی گۆڕانی شێوەی مەمكو پێویست بە چارەسەردەکات، بەڵام سەبارەت بەوەی ئەگەری شێرپەنجەی مەمك زیاددەکات، هیچ توێژینەوەیەك نییە باس لەوە بکات، یان راستر تاکو ئێستا زیانی وای لێوەدەرنەکەوتووە.

خانمی بەڕێز گەر خوازیاریت بڕێك سنگت گەورەتربێت یان راستر بڕێك جوانتربێت، ئەوا هەندێك وەرزشی تایبەت هەیە دەیکەیت کە تا رادەیەکی زۆر سوودمەندە بۆ ئەو مەبەستەو هیچ زیانێکی نییە، بەمەرجێك بە شێوەیەکی دروست بیکەیت.

نکوڵی لەوە ناکرێت هەریەکە لە ئەندامەکانی سێکس چێژو تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەردوو هاوسەر ئارەزووی ئەوە دەکەن لە باشترین‌و جوانترین ئاستدا بن، لە هەمانکاتدا خوازیارن هاوسەرەکەشیان بەو شێوەیە بێت کە ئەم ئارەزووی دەکات، بەڵام ئەمە نابێت ببێتە هاندەرێکی نابەرپرسانە بۆ نەشتەرگەرییەك کە زیان بە خۆتو هاوسەری سێکسییت بگەیەنێت، بیرت نەچێت ژیانی هاوسەریی زۆر سیماو راستی جوانترو بەچێژتری تێدایە لە سێکس.